گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# لێکدان و دارِشتن

**پەخشان فهمی فرحۆ**
سەنتەری توێژینەوە، فاکەڵتی ئەندازیاری، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
pakhshan.fahmi@koyauniversity.org

**پ.ی.د. حاتم وليا محمد**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەوەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
hatam.muhammad@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٩/٢٤
پەسەندکردن:٢٠٢١/١١/٣
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
*Adjective, compound, item, dervation, inflection*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.7.1.1

## پوختە

ئەو توێژینەوەیە لە لێکدان و ناسینەوەی لێکدان دەکۆڵێتەوە و جیاوازییەکانی لەگەڵ گەردان و دارِشتنیشدا دەخاتە ڕو. ئەو کارە بە چەند نمونەیەکی وەرگیراو لە فەرهەنگی فەرەنسی و کوردی جێبەجێ کراوە، کە بە لێکۆڵینەوە لە شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجی ئەو دو زمانە جیاوازی هەردو زمان لە پرۆسەی وشە سازدان دیاریکراوە و هەروەها لێکدان لە گەردان و دارشتن جیاکراونەتەوە، سەرەتا لێکۆڵینەوەکە بە دەروازەیەکی گشتی دەستپێدەکات دواتر دێتە سەر باس و پێناسەی پێکهاتەکانی دانەی فەرهەنگی وەک ڕەگ و قەد و مۆرفیم و لێکسیم و وشە و بنج، باسیش لە ئامرازێکی گرنگی وشە سازدان دەکات ئەویش گیرەکە و باسی چەندین جۆری جیاواز لەو ئامرازە دەکات. دواتر دێتە سەر باسێکی وردی دارِشتن و گەردان، لە کۆتاییدا باس لە لێکدان دەکات، کە چەندین پێناسە و چۆنیەتی ناسینەوەی لێکدراو و سەر و جۆرەکانی لێکداو دەخاتە ڕو.

## 1. دەروازەیەک

مۆرفۆلۆجی توێژینەوەیە لە بارەی دروستکردنی ڕۆنانی وشەکان (Anderson, 1992:7). ئارنۆف و فودەمانیش پێناسەی مۆرفۆلۆجیان کردووە کە دەڵێن ''مۆرفۆلۆجی سیستەمێکی هزرییە بۆ دروستکردنی وشە بەکاردێت یاخود لقێکی زمانەوانییە کە لە وشە و ڕۆنانی ناوەویان و چۆنیەتی

دروستبونیان ورد دەبێتەوە "(Aronoff and Fudeman, 2005:1-2). کەواتە ناوەڕۆکی مۆرفۆلۆجی لە بارەی چۆنیەتی دروستکردنی وشە ئەو پرۆسێسە مۆرفۆلۆجیانەیە کە بە کاردێت بۆ دروستکردنی لێکسیم و وشەی نوێ. لە کۆتاییدا توێژەران کۆکبوون کەوا گەردانکردن و داڕشتن و لێکدان سێ لقی جیاوازن لە مۆرفۆلۆجی کە بەرپرسن لە دروستکردنی وشە و لێکسیمی نوێ، بەڵام ( Anderson, 1992:75) و (Katamba, 2006:2025) پێیانوابوو کە پرۆسێسە مۆرفۆلۆجیەکان تەنها دەکرێن بە دوو بە شی جیاواز کە ئەوانیش گەردانکردن و داڕشتنن. ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیەکی ڕونتر لە مۆڕفۆلۆجی بگەین تیشکدەخەینە سەر ئەو پێناسەیەی پ.ی.د. حاتم ولیا کردویەتی کە دەڵێت" مۆرفۆلۆجیی مامەڵە لەگەڵ ڕۆنانی ناوەوەی فۆرمی وشەکاندا دەکات". یەکە بنەڕەتییەکانی شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجیش پێیدەگوترێت مۆرفیم. لە مۆرفۆلۆجیدا، شرۆڤەکار فۆرمە وشەکان دابەشدەکات بۆ توخمە – پێکهێنەرەکانی (بەشێکی زۆریان مۆرفن کە بە ڕووت یان گیرەک دەناسرێنەوە) هەروەها هەوڵیش بۆ لێکدانەوەی بەدەرکەوتنی هەر یەکێک لەو فۆرماتیڤانە دەدات. مۆرفۆلۆجیی دەتوانێت دابەش ببێت بۆ دوو لقی سەرەکیی، مۆرفۆلۆجیی گەردانیی - ڕێزمانیشی پێدەگوترێت و وشە – سازدان – (مۆرفۆلۆجیی فەرهەنگیشی یان داڕشتنیشی پێدەوترێت) (پ.ی.د. حاتەم ولیا، ٢٠١٩:٨).

گەردانکردن چەمکێکی نمونەیی بواری مورفۆلۆجییە کار لەسەر ڕۆنانی ناوەوەی وشە دەکات، واتە کار لەسەر مۆرفی جیاوازی وشەیەک دەکات، بۆ نمونە وەک: (گەڕان، گەڕا، گەڕابوو)، کە هەمویان فۆرمی جیاوازی لێکسیمی (گەڕان) ن . بەڵام وشەی (گەڕۆک) کە بە فورمێک لە لێکسیمی (گەڕان) دانانرێت، بەڵکو بە لیکسیمێک، یاخود کاتیگۆریەکی لێکسیکاڵی جیاواز دادەنرێت. لێکسیمی (گەڕۆک) دەرەنجامی داڕشتنی لێکسیمی (گەڕان) ە، کە بەجێبەجێکردنی پرۆسێسی مۆرفۆلۆجی گیرەکی (پێشگر یان پاشگر) دروستدەبێت. لێرەدا پاشگری (ۆک) بۆ ڕەگی (گەڕ) زیاد کراوە بۆ دروستکردنی وشەی (گەڕۆک) کە لێکسیمە نوێییەکەیە. جیاکردنەوەی گەردانکردن لە داڕشتن بەشێوەیەکی سەرەکی ئەرکییە، کە هەریەکێکیان پرۆسێسێکی مۆرفۆلۆجی جیاوازن. گەردانکردن دروستکردنی مۆرفی جیاواز لە لێکسیمێکە، بەڵام داڕشتن دروستکردنی لێکسیمی جیاواز لە لێکسیمە

سەرەکییەکەیە. چۆنیەتی ئەم ئەرکە جیاوازانە لەوانەیە یەک شت بێت وەک ئەوەی کە لە پێشتر بینیمان گەردانکردن و داڕشتنەکە بە دانانی پاشگر کراون.

جۆرێکی تریش لە پرۆسێسی مۆرفۆلۆجیمان هەیە کە جیاوازە لە گەردانکردن و داڕشتن کە پێیدەوترێت لێکدان (compounding)، کە بە لێکدانی چەند لێکسیمێک بۆ دروستکردنی وشەی ئاڵۆز و نوێ بەکار دێت، بۆ نمونە: وشەی (مارماسی) شیدەکرێتەوە بۆ (مار+ماسی).
پێش ئەوەی بێینە سەر باسی فراوانی بابەتەکانی گەردانکردن و داڕشتن و لێکدان هەندێک دەستەواژەی گرنگ هەن پێویستە تیشکیان بخەینە سەر کە ئەوانەن: گیرەک (affix)، ڕەگ (root)، قەد (stem)، مۆرفیم (morpheme)، لێکسیم (lexeme)، وشە (word).

## 2. گیرەک (Affix)

گیرەک مۆرفیمێکە کە بە ڕەگی وشە دەلکێت بۆ دروستکردنی وشەیەک یان لێکسیمێکی نوێ (Jensen, 1990:2). پاشگرەکان دەکرێت داڕشتنی بن کە بۆ داڕشتن بە کاردێن یاخود گەردانی بن کە بۆ گەردانکردن بە کاردێن، بۆ نمونە، وشەی (کرپار) پێکدێت لە لێکدانی چەند بیرۆکەیەک: لەلایەکەوە بیرۆکەیەکی یەکگرتووە، لەلایەکی تریشەوە لە لێکدانی چەند بیرۆکەیەک: ئەو کەسەی کە شتێک دەکرێت. بیرۆکەی داڕێژراو ئاسایی بەهۆی زیادکردنی لاگرەوە (کە کەرەسەی نابنەڕەتین) بۆ کەرەسەی بنەڕەت (ڕەگ) دەردەبڕدرێن، یان بەهۆی بەدیهێنانی گۆڕانی دەنگی لە هەردو کەرتەکەدا. بەم پێیە (کرپار) چەشنێکی تایبەتی لە کەس دەگرێتەوە. ڕەگ و گیرەکەکە (کڕ) لەگەڵ (- یار) دا پێکەوە یەک واتا دەگەیەنن: ئەو کەسەی کەشتێک دەکرێت..
لە لایەکی ترەوە، گیرەکی گەردانی زاراوەیەکە لە مۆرفۆلۆجییدا بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بە یەکێک یان دو کاتیگۆری یان پرۆسێسی وشە سازدان. مۆرفۆلۆجیی گەردانیی پێکدێت لە گۆڕانی فۆرمی تاکە ئایتمێکی فەرهەنگیی، کە لە لایەن ڕۆڵە ڕێزمانییە جیاوازەکانەوە داوادەکرێت، لە ڕستەیەکی تایبەتییدا. ئەو مۆرفیمانەی کە ڕێزمان داوایان دەکات، پێی دەوترێت گیرەکی گەردانیی، ئەو ڕەگانەی کە ئەو جۆرە گیرەکانەی بۆ زیاد دەکرێت هەمیشە هەمان ڕەگ دەمێننەوە، بۆ نمونە کە ڕستەیەکی ڕانەبردو دەکەین بە ڕابردو کاری ڕستەکە گەردان دەکرێت چونکە ڕێزمان داوای دەکات (ئەو نوست ← ئەو نوستبوو)، لێرەدا (بوو) پاشگری گەردانییە. لە لایەکی ترەوە ئەگەر هاتو گیرەکی گەردانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خرایە سەر بنجێک دەتوانرێت گیرەکی تریشی بچێتە سەر کە دەکرێت گیرەکی دارێژەربێت بۆ نمونە : هونەر+مەند+ێتی ← هونەرمەندێتی، (سەمیرە تۆفیق یونس، ٢٠١٣: ٣٦) یاخود گیرەکی گەردانی بێت بۆ نمونە هونەر+مەند+ان ← هونەرمەندان

لێرەدا بە ڕونی بۆمان بە دیار دەکەوێت کە گەردانکردن و دارِشتن پرۆسێسێکن کە بۆ نوێگەری (neologism) بەکاردێن، واتە دروستکردنی وشە یاخود فۆرمی نوێ بە ڕێگای خستنەسەر بۆ سەر ڕەگی وشەکە لە خاڵی جیاوازی ڕەگی وشەکە. بەگشتی هەشت جۆر خستنە سەرمان هەیە.

- پێشگر (Preffix) : فۆرمێکی بەندە کە دەخرێتە سەر پێشەوەی ڕەگەکە بەمەبەستی گۆڕین و نرخاندنی (qualification) مانای وشەکە (A. Spencer, 1991:5) بۆ نمونە:

| کوردی | فەڕەنسی |
|---|---|
| بە←هێز←بەهێز | re→écrire→reécrire<br>بە مانای نوسینەوە |
| بێ←هۆش←بێهۆش | tri→angle→triangle<br>بە مانای سێگۆشە |

- پاشگر (Suffix): مۆرفیمێکی بەندە کە دەخرێتە سەر کۆتایی ڕەگەکە بۆ گەردانکردن و دارِشتنی وشەکە (A. Spencer, 1991:5) بۆ نمونە:

| کوردی | فەڕەنسی |
|---|---|
| ئاگر+ین←ئاگرین | ance→accepter→ acceptance<br>بە مانای قبوڵکرن |
| توک+ن←توکن | é→marcher→marché<br>بە مانای ڕویشتبوو |

- ناوگر (Inffix)[1]: مۆرفیمێکی بەندە کە دەخرێتە ناو وشە کە لە ناوەندی وشەکە دادەنرێت.لە زمانی فەڕەنسیدا ناوگر بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکاردێت، بۆ نمونە (suater→sautiller) کە ناوگری (ill) بۆ گۆڕینی مانای کاری (sauter بە مانای بازدان) بەکاردێت، (sautiller) بە مانای بازی بچوک دێت . لە زمانی عەرەبیش ناوگری (ی) بەکاردەهێنن بۆ بچوکردنەوەی مانای ناوە، وەک:

[1] ئەو جۆرە گیرەکە لە زمانی کوردی بەرچاو نەکەوتوە.

کتاب - کتیب. لە زمانی کوردیدا نمونەی شەق-شەبەق بەرچاو دەکەوێت (د. محەمەدی مەحویی،٢٠١٠).

- جوت لاگر (Circumfix): لێرەدا پاشگر و پێشگرو بەیەکەوە دەردەکەون و دەوری ڕەگەکە دەگرن ئەم پێشگرو پاشگرانە هیچ کاتێک بەتەنیا ناچنە سەر ڕەگەکە لە زمانەکانی ئەڵمانی و یابانی زیاتر بەرچاو دەکەوێت (L. Bauer, 2003:30-39). لە زمانی کوردیشدا ئەو جۆرە بەگیرەککردنە هەیە، بۆ نمونە: **بەهێزتر** (بە+هێز+تر).
- ناوگر (Interffix): جۆرێکی تایبەتە لە خستنە سەر کە بۆ لکاندنی دو شت بەکاردێت بۆ نمونە: fermer→ferm(t)ure، کە بە مانای داخران دێت (fermture ناوە، fermer چاوگە). ئەمجۆرەیان ناوگرەکە بۆ ئاسان دەربڕنی وشەکەیە بۆ نمونە لە زمانی کوردی ناوگری (چ) مان هەیە وەک: شار-شارۆچکە.
- لابردن و گۆڕین (Disfix): پرۆسێسێکە تیایدا بەشێک لە ڕەگەکە لادەبرێت یاخود دەگۆدرێت بۆ نمونە: (blanc → blanche)، blanc) ڕەنگی سپی بۆ نێر، blanche ڕەنگی سپی بۆ مێ) یاخود (joyeux→ joyeuse) بە مانای دڵخۆش بۆ نێر و مێ.
- ناوڕەگگر (Tranffix): خستنە سەرێکی لێکجیاکراوەیە کە دەچێتە سەر ڕەگی وشەکە ( L. Bauer, 2003:30-31). ئەوجۆرە بۆیە پێی دەگوترێت (tranffix) لەبەر ئەوەی لە ناو ڕەگەکە ڕودەدەن وەک نمونەی زمانی عربی[2]: قاتِل – قُتِل – يَقْتُل.
- دوبارەبونەوە (Dupliffix): خستنە سەرێکە تیایدا هەمو یان بەشێک لە وشەکە دوبارە دەکرێتەوە بە مەبەستی گۆڕینی ماناکەی، بۆ نمونە : زۆرزۆر، سورسور.
- دانانی سترێس (Suprafix): گۆڕینی هێز و ئاواز (suprasegmental variations) کە بە گۆڕینی شوێنی سترێس و تۆن دەکرێت، بۆ نمونە :١. کۆشکی ' سپی، ٢. کۆشکی سپی. لە حاڵەتی یەکەم بە دانانی سترێس لەسەر وشەی یەکەم مەبستمان هەر کۆشکێکە کە ڕەنگی سپی بێت، بەڵام لە نمونەی دوەم هەردو وشەکە بەیەکەوە دەردەبڕدێت بی دانانی سترێس لە نێوانیان لەو حاڵەتەدا ماناکەی دەگۆڕێت بۆ کۆشکی سپی واشنتۆن لە ئەمریکا.

[2] ئەو جۆرە گیرەکە لە زمانی عەرەبی زور باوە.

## 3. ڕەگ (root)

ڕەگ کرۆکی وشـەیە، کە چیتر بچوک ناکرێتەوە و مانای سـەرەکی وشـە هەڵدەگرێت. بە واتایەکی تر، ئەو بەشـەی وشـەیە دوای لابردنی هەموو گیرەکەکان دەمێنێتەوە و لە هەمو شـێوە جۆربەجۆرەکانی لێکسیمدا دەردەکەوێت. بۆ نمونە، (کوژ) لە (دەکوژم، کوژرا، مەیکوژە، .....) دا مۆرفیمی ڕەگە کە گشت لاگرەکانی لێکراوەتەوە و مانای کرۆکی وشـــەکەی هەڵگرتوە و لەلایەن لاگرەکانەوە بەشـــێوەیەک لە شـــێوەکان وەســـفکراوە و واتاکەی ڕونکراوەتەوە. بەهەمان شـــێوە (کچ) لە (کچانە، کچێنی، کچۆڵە، کچەکەت، کچان) دا مۆرفیمی ڕەگە.

## 4. قەد (stem)

قەد ئەو بەشـەی وشـەیەکە کە پێش ئەوەی هەر لاگرێکی گەردانی (ڕێزمانیی) بچێتە سـەر یان پێوە بلکێت، مەبەست لەو لاگرانەیە کە بونیان بەهۆی داواکردنێکی سینتاکسیەوەیە، وەکو نیشانەکانی کۆ، ناسـیاری، نەناسـیاری، دەمکاتەکان، هتد، ڕەگیش لەوانەیە سـادەبێت یان لێکدراو بێت، واتە قەد ئەو مۆرفیمەیە کە توانای وەرگرتنی یـاخود پێوەلکانی گیرەکی گەردانی (ڕێزمـانی) هەیە.بۆ نمونە: (کوڕ ← کوڕان، نوسەر ← نوسەران).

وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا کە جیاوازی سەرەکی لە نێوان ڕەگ و قەد ئەوەیە کە ڕەگ سادەیە و قەد ئاڵۆزە لە ڕوی مۆرفۆلۆجییەوە. لێرەدا مەبەســـت لە ئاڵۆز ئەوەیە کە بۆ نمونە وشـــەی (باخچە) دەکرێت زیاتر شـیبکرێتەوە و بکرێتە دو مۆرفیم (باخ+چە) کە دو مۆرفیمی جیاوازن. ( A. Spencer, 1991:5) و (Matthews, 1991:12) کۆکن لەسـەر ئەو جیاکردنەوەیە لە نێوان ڕەگ وقەد. بۆ نمونە کە دەڵێین وشـــەی (agréé) ڕەگە بەڵام (agrément) قەدە لەبەر ئەوەی دەکرێت بە دو بەشـــەوە (agré+ment).

## 5. بنج (base)

بنج یـاخود بنـاغە ئەو یەکەیەیە کە بەهەرشـــێوەیەک هەر جۆرە لاگرێکی بۆ زیـادبکرێت. واتە، ئەو مۆرفیمەی کە پێش ئەوەی لاگرێکی گەردانی (ڕێزمانی) یان داڕشـتنی بۆ زیادبکرێت. ئەو لاگرانەی کە بە ڕەگێکەوە دەلکێن، لەوانەیە لاگری گەردانی بێت کە بۆ مەبەسـتێکی سـینتاکتیکیی هەڵبژێردرابێت

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یان لاگری دارِشــتن بێت کە واتای یان جۆری کاتیگۆرییە ڕێزمانییەکەی بنجەکە بگۆڕێت. ڕەگێکی ئارایشـنەکراوی وەکو (کوڕ) دەتوانێ ببێتە بنج چونکە دەتوانرێت لاگرێکی گەردانی وەکو (ان) ی پێوە بلکێنرێت بۆ دروستکردنی فۆرمێکی کۆی وەکو (کوڕان) یان لاگرێکی دارِشتنی وەکو (ێنە) کە دەچێتە سەر ڕەگی ئاوەڵناوێکی وەکو (زەرد) و دەیکاتە (زەردێنە). لێرەدا هەم واتا و هەم بەشە ئاخاوتنەکەشی گۆڕیوە. بە واتایەکی تر هەمو ڕەگەکان بنجن. بنجەکان ڕەگیشــیان پێدەوترێت تەنها لە کۆنتێکســتی مۆرفۆلۆجی گەردانییدا.

## 6. مۆرفیم

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە مۆرفیم پێناســە بکەین. (ئارۆنۆف و فایەرمان) مۆرفیم بەوە پێناســە دەکەن کە بچوکترین یەکەی واتادارە کە ناکرێت زیاتر شــیبکرێتەوە بۆ بەشــی بچوکتری واتادار (Fireman, Arouoff, 2005: 239). دوجۆر مۆرفیم هەن مۆرفیمی ســەربەخۆی و مۆرفیمی بەند. (بویج) ئەم دو جۆرە مۆرفیمە پێناسـە دەکات، مۆرفیمی سـەربەخۆیە کە پێشـی دەگوترێت مۆرفیمی لێکسیکاڵ ئەو مۆرفیمەیە کە بە تەنها دێت وەک:پشیلە، یاری، جوان یان نوسین، بەڵام مۆرفیمی بەند ئەو مۆرفیمەیە کە ناتوانێت بە تەنیا دەرکەوێت وەک پێشگرو پاشگرەکان (G. Booij, 2004:9).

## 7. لێکسیم و وشە

(بویج) ئـامـاژەبەوە دەکـات کە لێکســیم وشــەیەکە بونی خۆی هەیە لە فەرهەنگدا ( G. Booij, 2006:654). لە فەرهەنگی هەر زمانێک لێکســیمە جیاوازەکان بە ســەربەخۆ دادەنرێن، بۆ نمونە لە فەرهەنگی فرەنسی وشەی (écrire بە مانای نوسین) بونی هەیە لە هەمان کاتیشدا ناوی (écrivan بە مانای نوســەر) بە لێکســیمێکی جیاواز دادەنرێت ســەرەرای ئەوەی کە لە هەمان ڕەگەوە ســەرچاوەی گرتوە لەبەر ئەوەیە کە دەرەنجامی دارِشتن وەک لێکسیمێکی سەربەخۆ دەردەکەوێت. (لیبەر) لەبارەی وشـەوە (وشە ,word) بە تەسکی پێناسە دەکات و دەڵێت پێکدێت لە یەک وشە یان زیاتر کە بە تەنیا دێت لە زمانێک. (لیبەر) وشــە دەکات بە دو کاتیگۆری، کاتیگۆری یەکەم ئەو وشـانەی کە یەک مۆرفیم پێکدێن و پێیان دەگوترێت وشــەی ســادە، کاتیگۆری دوەم ئەو وشــانەن کە لە یەک مۆرفیم زیاتر پیکدێن و پێیان دەوترێت وشەی ئالۆز (Lieber 1992:4).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەو ڕونکردنەوانەی سـەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە وشـە ئەوانە لە خۆ دەگرێت ڕەگ، قە د، لێکسیم، مۆرفیمی سەربەخۆ، وشەی لێکدراو و هەمو فۆرمەکانی گەردانکردن و داڕشتن.

## 8. گەردانکردن و داڕشتن

بەشێوەیەکی گشتی توێژەرانی ئەو بوارە تاوتوێی گەردانکردن و داڕشتنیان کردوە. سێ جۆر پرۆسەی مۆرفۆلۆجی هەیە گەردانکردن و داڕشتن و لێکدانن (Jensen, 1990:5). بەڵام ڕێزمان نوسە کۆنەکان تەنها دو جۆری سەرەکی لەو پرۆسێسە جیادەکەنەوە ئەوانیش گەردانکردن و داڕشتنن. (سپێنسەر) باس لە داڕشـتن دەکات بەپێشـاندانی نمونەیەکی ئینگلیزی کە کاری (institute) ە، کە ناوی (institution) لێ دروست دەکرێت بە لکاندنی پاشگری (ion) لە هەمان کاتیشدا دەتوانین ئاوەڵناوی (institutional) لێ دروست بکەین بە زیادکردنی پاشگری (al) (A. Spencer, 1991:9). (سپێنسەر) جەخت لەوەشدەکاتەوە کە زۆر کات داڕشتن کاتیگۆری سینتاکسی وشە دەگۆرێت ( بەڵام مەرج نییە لە هەمو حاڵەتێکدا گۆڕان ڕوبدات). بە پێچەوانەوە گەردانکردن کاتیگۆری سینتاکسی وشە ناگۆڕێت لەبەر ئەوەی گەردانکردن حاڵەتی نوێی ڕێزمانی دروست دەکات وەک (دەڕوات، ڕۆیشت، ڕۆیشتبوو) لە کاری (ڕۆیشـتن) گەردان دەکرێت. وە هەروەها (جۆنسـۆن) ئەوە ڕون دەکاتەوە کە داڕشـتن لێکسـیمێک لە لێکسـیمێکی تر دروسـت دەکات بۆ نمونە ئاوەڵناوی (constitutional) لە ناوی (construction) دروست دەکرێت بە زیادکردنی پاشگری (al) بەڵام پرۆسەی گەردانکرن ئەوەیە کە وشـەکە لەگەڵ سـینتاکسـی زمانەکە دەگونجێنێت واتە ڕێزمان حوکمی دەکات (Jensen 1990:6). بەشـێوەیەکی گشـتی (جۆنسـۆن) کۆکە لەگەڵ (ئەندرسـۆن) لەبارەی گەردانکردن کە ئەویش دەڵێت گەردانکردن پەیوەندی بە سینتاکسەوە هەیە (Jensen, 1990:5)، (Anderson, 1992:15).

لەسـەرو ئەوەشـەوە گەردانکردن فۆرمی نوێ لە هەمان وشـە دروسـتدەکات نەوەک کاتیگۆری فەرهەنگی نوێ. (بویج) جەخت لەوە دەکاتەوە کە جیاوازی سەرەکی لە نێوان گەردانکردن و داڕشتندا ئەوەیە کە داڕشتن لێکسیمی نوێ دروستدەکات و گەردانکردن فۆڕمی نوێ لە هەمان لێکسیم دروست دەکات. (بویج) ئاماژەشـی بەوە داوە کە ئەم زانیاریانەی سـەرەوە هەمو کات بەس نییە بۆ ڕونکردنەوەی کە ئایا گۆڕانکارییەکە سـەر بە کام لقی مۆرفۆلۆجیە داڕشـتن یان گەردانکردن ( G. Booij, 2004:112).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە مۆرفۆلۆجی زماندا گەردانکردن پرۆسێسی دروستکردنی وشەیە کە تیایدا وشە دەگۆڕدرێت بۆ مەبەستی دەربڕینی کاتیگۆری ڕێزمانی جیاواز وەک: ڕەگەز، حاڵەت، دەنگ، کەس، کات. بە گەردانکردنی کار دەگوترێت (conjugation)، و بە گەردانکردنی ناو پێیدەگوترێت (declention) کە ئاوەڵناو، ئاوەڵکار یاخود جێناو ی لێدروست دەکرێت، سەرنجی ئەو خشتانەی خوارەوە بدە.

ئەم خشتەیەی خوارەوە گەردانکردنی جێناوی (je - من) بۆ کەسی یەکەمی تاک و کۆ نیشان دەدات.

| حاڵەت | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| جێناوی کەسی | Je من | Nous ئێمە |
| | Moi(من، ئەز (بادینی | Nous (ئێمە، مە (بادینی |
| جێناوی هەیی دیارکەر | Mom هی من | Notre هی ئێمە |
| جێناوی هەیی | Le mien ئەوەی من | Le nôtre ئەوەی ئێمە |
| جێناوی خۆیی | Moi mêm خۆم | Nous mêm خۆمان |

ئەم خشتەیەی خوارەوە گەردانی کاری (regarder[3] - تەماشاکردن)

| کەس / کات | Je | Tu | Il, Elle, on | Nous | Vous | Ils, elles |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕابردو | Regarde | Regardes | Regarde | Regardons | Regardez | Regardent |
| داهاتو | Regarderai | Regardas | Regardra | Regarderons | Regarderez | Regarderons |

وەک پێشتریش باسمانکرد گەردانکردن کاتیگۆری ڕێزمانی دەردەبڕێ بە ڕێگای بەگیرەککردن (affixation) کە ئەو جۆرانەی هەیە: پێشگر (prefix)، پاشگر (suffix)، ناوگر (infix)، جوت لاگر (circumfix)، یاخود (transfix). گەردانکردن بە ڕێگای (apophony[4]) یش دەکرێت کە بە گۆڕینی دەنگێک لە ناو وشەکە دەبێت، بەمەش گۆڕانی ڕێزمانیی لێدەکەوێتەوە یاخود هەر گۆڕانکارییەکی تر. وەک کاری لاتینی (ducam) کە بە مانای (من سەرکردەیی دەکەم) (I will lead) دێت پاشگری

3 غۆگاغدێ کۆدەکرێت

4 لە مۆرفیۆلۆجیدا ، apophony هەر گۆڕانێکی دەنگە لە نێو وشەیەکدا کە ئاماژە بە زانیاری ڕێزمانیی دەکات، بۆ نمونە (sing, sang, sung, song).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(am) لە خۆ دەگرێت کە کەسی یەکەمی تاک دەردەبڕێت و کاتەکەشی داهاتوە، لێرەدا بەکارهێنانی پاشگرەکە گەردانکردنە.

گەردانکردنی وشە کە پێکدێت لە مۆڕفیمێکی سەربەخۆ یان زیاتر (یەکەیەک لە مانا، کە سەربەخۆیە free morpheme) و یەک یان زیاتر لە مۆرفیمی بەند (یەکەیەک لە مانا کە سەربەخۆنییە bound morpheme)، بۆ نمونە وەک: (گوڵەکان) ناوێکە بۆ ژمارە گەردان کراوە کە بۆ دەربڕینی کۆ بەکاردێت ئەو وشەیە (ناو) لە دو مۆرفیم پێکدێت کە مۆرفیمی (گوڵ) کە سەربەخۆیە لەگەڵ پاشگری (ەکان) کە سەربەخۆنییە، بە لێکدانی ئەو دو مۆرفیمە وشەی گەردانکراوی (گوڵەکان) پێکدێت.

لە لایەکی ترەوە ئەو وشانەی کە گەردان ناکرێن پێیاندەگوترێت نەگۆڕ (invariant) وەک وشەی ئینگلیزی (must) کە نەگۆڕە و هیچی ناخرێتە پاڵ بۆ دەربڕینی کاتیگۆریە ڕێزمانیەکان، لەم حاڵەتە کاتیگۆریە ڕێزمانیەکە لە ناوەڕۆکی ڕستەکە بە دیار دەکەوێت. ئەو زمانانەی کە زۆر کەم گەردانکردن بەکاردەهێنن وەک زمانی چینی ستاندارد بۆ نمونە دێنینەوە، پێیاندەگوترێت زمانی شیکاری (Analytic or Isolating).

پێویستی ڕێکخستنی فۆڕمێک یان زیاتر لە مۆڕفیمەکانی گەردانکردن لە ڕستە دا و گونجاندنیان لەگەڵ یەکتر و هەروەها گونجاندنیان لەگەڵ ڕێساکانی زمانەکە پێی دەگوترێت (ڕێکەوتنی پەیکاڵی) (concord agreement) بۆ نمونە لە ڕستەی (کوڕەکان ڕۆیشتن) وشەی (کۆڕەکان) ناوێکی کۆیە ، بۆیە وشەی (ڕۆیشت) کە کارێکی ڕانەبردوە بەندە بەوەی کە (ن) ی کەسی سێیەمی کۆ وەربگیرێت لەبەر ئەوەی ڕستەی (*کوڕەکان ڕۆیشت) لە ڕێزمانی زمانی کوردیدا ڕاست نییە.

ئەو زمانانەی کە تا ڕادەیەک لە گەردانکردنیان هەیە زمانی سینتەتیکیان پێدەگوترێت (synthetic language). زمانەکانی لاتینی و یۆنانی و سانسکریتی زۆر گەردانکردنیان تێدایە، بەڵام زمانی فەڕەنسی لاوازە لە ڕوی گەردانکردن. ئەو زمانانەی کە یەک وشە تیایاندا گەردانی زۆری بەسەر دادێ پێیاندەوترێت (polysynthetic)، بەڵام ئەو زمانانەی کە تیایاندا هەر گەردانکردنێک یەک کاتیگۆری ڕێزمانی دەردەبڕێت وەک زمانی فینلەندی بۆ نمونە پێیاندەگوترێت زمانی (agglutinative)، لە لایەکی ترەوە ئەو زمانانەی کە تیایاندا یەک گەردانکردن چەندین ڕۆڵی ڕێزمانی دەگەیەنێت پێیاندەگوترێت تێکهەڵکێش (fusinal) وەک زمانی لاتینی و ئەڵمانی. دوو جۆر گەردانکردن هەن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاسایی (reguler) و شاز (irregular)، کاتێک کاتیگۆریەک وشە لە زمانێکی دیاریکراو گەردانەدەکرێت بە گشتی قاڵبێک یان زیاتری هەیە بۆ دروستکردنی گەردانکردنەکان ئەو وشانەی کە پابەندن بەو قاڵبانە دەبن (قاڵبێکی ستاندارد) پێیاندەگوترێت ئاسایی (regular) ئەوانەشی کە بە شێوەیەکی جیاواز گەردانەدەکرێت پێیاندەگوترێت شاز (irregular). لە زۆر زمان کارەکان گەردانکردنی ئاسایی و شازیان هەیە. لە زمانی فەرەنسی ئەو کارانەی چاوگەکانیان بە (er) تەواو دەبێت کە دەکرێن بە ڕابردو (er) دەگۆڕێت بۆ(é) بۆ نمونە: (Manger →J'ai mangé) بە مانای (من خواردم). ئەم حاڵەتە (regular) ە، وە بۆ داهاتوی کەسی یەکەمی تاک (ai) بۆ چاوگەگە خۆی زیاد دەکەین بۆ نمونە: داهاتو (Je mangerai) ئەم حاڵەتە بۆ کەسی تاک و کۆیەکانی تریش هەر ڕاستە. بەڵام لە زمانی فەرەنسی چەندین کار هەن کە شازن واتە بەم قاڵبە ناتوانین بیکەین بە ڕابردو یاخود ڕانەبردو وەکو کاری (avoir) واتە (have) لە زمانی ئینگلیزی فۆرمی ڕابردووەکەی بۆ کەسی یەکەم: (eu) بە مانای هەمبو و فۆرمی داهاتوەکەشی (aurai) بە مانای دەمبێت. لێرەدا دەبینین کە ئەو کارە گەردانکردنەکەی لە قاڵبەکە لای داوە، واتە شازە زۆر جار ئەو کارانەی کە شازن گەردانکردنی هەمو زەمەنەکانیان شازدەبن. جۆرێکی تر لە گەردانکردنی شاز ئەوەیە کە ناوێک دەکەین بە کۆ، بە گشتی لە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی بە زیاد کردنی (s) یان (es) دەکرێن بە کۆ بەڵام هەندێک ناو هەن بە شێوەی تر دەکرێن بە کۆ بۆ نمونە: لە فەرەنسی (œil→ yeux) بە مانای (چاو)، لە ئینگلیزی (man → men) بە مانای (پیاو). حاڵەتی تریش هەن کە شازن کە ئەویش لە کاتی دروستکردنی بەراورد و پلەی باڵان ، بۆ نمونە لە حاڵەتی ئاسایی لە زمانی ئینگلیزی فۆرمی بەراورد بە زیادکردنی پاشگری (er) دروست دەکرێت باڵاش بە زیاد کردنی (est) دروست دەکرێت، بەڵام هەندێک ئاوەڵناو هەن شازن بۆ نمونە: (good→better→best). لە زمانی فەرەنسی هەمان حاڵەت بەدی دەکرێت لە حاڵەتی ئاسایی بۆ بەراورد وشەی (plus) بۆ ئاوەڵناوکە زیاد دەکرێت و بۆ باڵاش گرێی (le plus) زیاد دەکرێت، بەڵام هەندێک ئاوەڵناو هەن کە شازن، بۆ نمونە:

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | |
|---|---|
| Julian est plus grand que Michel.<br>ژولیان لە میشێل باڵابەرزترە. | (بەراورد) |
| Julien est le plus grand de sa classe.<br>ژولیان درێژترینی پۆلەکەیەتی. | (باڵا) |

لێرەدا دەبینین کە وشـــەی (le plus, plus) لە پیش ئاوەڵناوی (grand گەورە) دانراوە بەڵام ئەگەر هاتو ئاوەڵناوەکە شـازبو ئەوا لە ڕێچکە لادەدات، بۆ نمونە ئاوەڵناوی (bon واتە باش)، سـەرەنجی ئەم نمونانەی خوارەوە بدە:

| | |
|---|---|
| Julian est bon eléve.<br>ژولیان قوتابیەکی باشە. | (ئاسایی) |
| Julian est meilleur que Michel.<br>ژولیان باشترە لە میشێل. | (بەراورد) |
| Julian est le meilleur de sa classe.<br>ژولیان باشترینی پۆلەکەیەتی. | (باڵا) |

## 9. لێکدان (Compounding)

دوای باسکردنی دارِشتن و گەردانکردن باسی پرۆسەی لێکدراو دەکەین، هەندێجار دو یان چەند وشە، کە هەر کامەیـان بۆ خۆی واتایـەکی هەیـە، پێکەوە کۆ دەبنـەوە و بەســـەرجەم واتایـەکی نوێتر پێکدەهێنن. پرۆسـێسـی لێکدانی دو وشـە یان زیاتر بۆ مەبەسـتی دروسـتکردنی وشـەیەکی نوێ کە پێیدەگوترێت (compounding) کە لە لاتینیەوە وەرگیراوە بە مانای بەیەکەوەلکاندن یان لێکدان.

### 9.1. لێکدان چییە؟

لێکدان یەکێکە لە لقەکانی مۆرفۆلۆجی، کە مامەڵە لەگەڵ دروستکردنی وشە دەکات دارِشتن تاکە ڕێگا نییە بۆ دروسـتکردنی وشـەی نوێ، زۆربەی زمانەکان وشـە بە هۆی پرۆسـەیەکەوە دروسـتدەکەن کە پێـدەگوترێـت لەیەکـدان (لێکـدان)، زمـانی کوردیش یەکێکە لەو زمـانـانەی کە لەڕوی لەیەکـدانەوە دەوڵەمەنـدە و لەهەمو پۆلە ڕەگەزەکـانی نـاو و ئـاوەڵنـاو و کردار و ئـاوەڵکرداردا ئەم پرۆســـەیە جێبەجێـدەکات (پ.ی.د. حـاتم ولیا، ٢٠١٩:٧٢). کەواتە(لێکـدان) پرۆســـە یـە کی کـارای بـە هێزکردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زانیـاری و دەوڵەمەنـدکردنی دانەی فەرهەنگییە لە نـاو زمـان، بە ڕێگـای بەکـارهێنـانی ئەو دانە فەرهەنگییانەی کە هەن .

بەواتایەکی تر؛ وشـــە لێکدراوەکان کاتێک دروســـتدەبن کە دو وشـــە یان زیاتر پێکەوە دادەنرێن بۆ دروسـتکردنی وشـەیەکی نویٚ بە واتایەکی نوێوە دەتوانن ئەرکی بەشـە ئاخاوتنە جیاوازەکان ببینن. جێی ســـەرنجە کە مۆرفیمە ڕوتەکان لە زمانەکانی تری غەیری کوردیدا وشـــەی ســـەربەخۆن و وەکو لێکســـیمێک لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، بەواتایەکی دیکە؛ ناوەرۆکێکی واتایی دیاریکراویان هەیە و لەڕوی بەکارهێنانەوەش دەتوانن بەسەربەخۆ بوەستن بۆ نمونە (poisson-chat) بە مانای (مارماسی) لە وشەکانی ( poissonو chat) پێکدت کە هەریەکەیان وشەی سەربەخۆن لە فەرهەنگدا ، بەڵام ئێمە لەکوردیدا ڕوتی ســەربەخۆ و بەند نەک تەنها بە دروســتکردنی وشــەی لێکدراو، تەنانەت بۆ داڕشــتنی وشـەی داڕێژراویش، بەکاردەهێنین، مەبەستیشـمان لە ڕوتە بەندەکان ئەو مۆرفیمانەن کە نە گیرەکن، کە بە وشەی ترەوە بلکێن و وەک پاشگر و پێشگر ئەژماریان بۆ بکرێت و نە وشەی سەربەخۆشن کە لە فەرهەنگدا تۆمـار بکرێن و لەڕوی واتـا و بەکـارهێنـانەوە بونێکی ســـەربەخۆیـان هەبێـت بۆ نمونە (کتومت).

## 9.2. پێناسەکانی لێکدان و تایبەتمەندییە پەیوەندیدارەکان

پرۆسـەی لێکدان کە دەرئەنجامەکەی وشـەی لێکدراوە، بە پێی کات لەلایەن زماننـاسـانەوە بە شـێوەی جۆراوجۆر پێناســـە کراوە، ئەگەر چی پێناســـەکان بە ئاشـــکرا لە ڕوی چەمکەوە کۆکن، بەڵام دەکرێت جیاوازییەکانیان دیاریبکرێن. لەم خشـتەیەی خوارەوە بە وردتر لە هەندێک لەو پێناسـە و سـەرنجانە دەخەینە ڕو. ئەوەی لە هەمو ئەم پێنـاســـانە هـاوبەشـــە بەڕونی ئەوەیە، بەکـارهێنـانی ئەو "مـادە" فەرهەنگیانەیە کە لە ناو فەرهەنگ بونیان هەیە بۆ دروســـتکردنی فۆرمی ئاڵۆزی نوێ و زیاد کردنیان لەنـاو فەرهەنگدا. لێرەدا چەمکی "مـادە" بەکاردەهێنین کە نـاڕونە، لە بەر ئەوەی لە پێنـاســـەکـانـدا جیـاوازی هەیە لەوەی کە چی لێکدەدرێت بۆ دروســـتکردنی لێکدراو. هەنـدێـک لە زمـانەوانـان زۆر سنوردارن لە پێناسەکانیان، بەڵام هەندێکی تریان ڕێ بە جۆری لێکدانی فراوانتر دەدەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | نوسەر | پێناسە |
|---|---|---|
| ١ | 01:45:00 15/03/2022 pm(Adams, 1973:30) | وا لە وشەی لێکدراو دەگەین کە بە زۆری لە ئەنجامی لێکدانی دو فۆرمی ئازاد، یان لێکدانی ئەو وشانەی کە بونێکی سەربەخۆیان هەیە دروستدەبن. ئەگەر چی ئەم وشانە بە ڕونی لە دو کەرت پێکهاتون ، بەڵام بە تایبەتمەندیی و پێناسەی وشەی تاکیان هەیە: ڕەنگە پێکهاتەکانیان بە شێوەی دیکە جیا نەکرێنەوە و ڕیزبەندیەکەیان جێگیرە . |
| ٢ | (Laurie Bauer, 1983:21) | کاتێک دو توخم (یان زیاتر) وەک قەد بەکاردێن و لێکدەدرێن بۆ دروسکردنی فۆرمێکی نوێ ئەو فۆرمە پێی دەگوترێت لێکدراو. بەم شێوەیە دەکرێت لێکدراوەکە بە لێکسێمێک پێناسە بکرێت کە دو قەد یان زیاتری تێدایە. لەبەر ئەوەی هەر قەدێک بەلایەنی کەمەوە ڕەگێکی تێدایە، پێویستە پێکهاتەکە بەلایەنی کەمەوە دو ڕەگی تێدابێت. |
| ٣ | (Dressler, 2005:18) | دەکرێت لێکدراوەکان بە گشتی بە وە پێناسە بکرێن کە بریتین لە لێکدانی ڕێزمانی وشە (لێکسیم یان دانەی فەرهەنگی)، بە مەبەستی دروستکردنی وشەی نوێ. |
| ٤ | (Matthews, 1991:82) | لێکدان پرۆسێسێکە کە تیایدا لێکسیمێکی لێکدراو دادەڕێژرێت لە دو لێکسیمی سادە یان زیاتر. |
| ٥ | (Plag, 2003:135) | لێکدراو وشەیە کە لە دو کەرت پێکهاتوە، یەکەمیان ڕەگە، یان وشەیە، یان فریزە، دوەمیان دەکرێت ڕەگ بێت یاخود وشە. |
| ٦ | (د. محەمەدی مەحوی، ٢٠١٠: ٨٣) | وشەی لێکدراو وەک ئەنجامی کردەی وشەدروستکردن و وشەلەیەکدان، دەربڕاوێکی زمانییە، کە بەلانی کەمەوە لە دو ''مۆرفیمی سەربەخۆ'' یان لە ''پێکهاتەکانی مۆرفیم'' پێکهاتووە. |

هەندێک لە زمانەوانان زۆر سـنوردارن لە پێناسـەکانیان، بەڵام هەندێکی تریان ڕێ بە جۆری لێکدانی فراوانتر دەدەن. ئەگەر تەنیا " فۆرمی ئازاد " یان ئەو وشـانەی کە سـەربەخۆن وەک (فاب و ئادامس)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاماژەی پێدەدەن لێکبدرێن، کەواتە ئەو لێکدراوانەی کە بە لایەنی کەمەوە توخمێکی نا سەربەخۆیان تێدایە وەک لە نمونەی (audiobook) بە مانای (کتێبی دەنگی)، یان دو توخمی ناسەربەخۆی تێدایە وەک لە نمونەی (spectroscopy) بە مانای (مەودای ڕەنگەکان)، ئەوە لەو پێناسانە بەدەرە، لێرەدا هەردو حاڵەتەکە مۆرفیمی بەندیان تێدایە کە ناتوانرێت بە گیرەک دابنرێن بەڵکو وەک ڕەگ دادەنرێت، چونکە هەڵگری مانایەکی فەرهەنگی سەربەخۆن. واتە بەکارهێنانی دەستەواژەی وشە بە مانای دروستی خۆی زۆر سنووردارە، لەبەر ئەوەی ئەو حاڵەتانەی سەرەوە ناگرێتە خۆ. بە پێچەوانەوە، پێناسەی لێکدراو وەک لێکسێمێک بکەین کە لانی کەم لە دو قەد دروستبوە دواتر لە دو ڕەگ پێکبێت، وا دیارە کە لەگەڵ مەودایەکی فراوانتری جۆری لێکدراودا بگونجێت (Laurie Bauer, 1983:21) . لە ڕاستیدا دەستەواژەی ڕەگ - واتە " ئەو بەشەی وشە کە جێدەمێنێت کاتێک هەمو گیرەکەکان لادەبرێن" ئەوەش وا دەکات ئەو شێوە بەندیانەی سەرەوەش بە لێکدراو دابنرێن ( Mc Carthy, 1991:23). گشتگیرترین پێناسە لەوانەیە لەلایەن (پلاگ) کرابێت ، کە جۆری زیاتری لێکدراو لەخۆدەگرێت ، لەوانەش ئەو لێکدراوانەی کە فرێزیان تێدایە، بۆ نمونە (do-it-yourself) بە مانای (بۆخۆت بیکە) و (good-for-nothing) بە مانای (بۆ هیچ باش نییە) (Plag, 2003:135). هەرچەندە ئەم بۆچونە لەلایەن هەمو ئەو زانایانە پەسەند نییە، لە نێویاندا (درێسلەر)، کە ئەم پێکهاتانە بە مۆرفۆلۆجی بەدەر لە ڕێزمانی (extra-grammatical morphology) دادەنێت، چونکە حوکمیان نییە (Dressler, 2005:18). بیرۆکەیەکی سەرنجڕاکێشتری ئەم پێناسانەی سەرەوە پەیوەستە بە سروشتی لێکدانەکە، (ئادامس) ئاماژە بەوە دەکات کە لێکدراوەکان هەرچەندە لە چەند پارچەیەک پێکدێن، بەڵام وەک یەکەیەک دەردەکەون و مامەڵیان لەگەڵ دەکرێت، لەسەر ئەوە بنەمای جیانەبونەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە سەر وشەی سادە (single word) جێبەجێدەبێت، ئەوە بۆ وشەی لێکدراویش ڕاستە (Adams, 1973:30). سەبارەت بە وشەی سادە، ئەو بنەمایە پێیوایە کە هیچ لێکسیمێک بە شێوەیەکی یاسایی (ڕێزمانی) ناتوانرێت لە نێو وشەدا دابنرێت، بە هەمان شێوە ئەو بۆچوونە بۆ لێکدراویش ڕاستە کە پێکهاتەکانیان لێکجیاناکرێنەوە بە دانانی لیکسیمی تر لە نێوانیاندا بەبێ گۆڕینی ماناکەی (Lieber, 1992:84). لەبەر ئەو هۆیە بۆ نمونە ناتوانین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(تەختەڕەش)[5] بۆ (تەختەی ڕەقی ڕەش) بگۆڕین بەبێ گۆڕینی ماناکەی، بۆیە (تەختەڕەش) لێکدراوە. بە پێچەوانەوە لە داڕشتنێکی سینتاکسی کە پێکهاتە فەرهەنگیەکانی بە ئاسانی لێک جیا دەکرێنەوە بە بێ کارتێکردن لە ماناکەی، وەک لە نمونەی (ڕێگای دوور← ڕێگای خۆڵاوی دوور)، بۆیە (ڕێگای دوور) لێکدراو نییە.

لەپاڵ گرنگی نەپچڕان لە وشەدا ، دو پێوەری تر پێناسەی وشەبون دەکەن، ئەویش جوڵەکردنی شوێن (positional mobility) و سەقامگیری ناوەکییە (internal stability)، کە ئەوانە بۆ لێکدراویش ڕاست و دروستن. بۆچونە کۆنەکان پێیانوایە کە وشە لە ناو بونیادێکی لێکسیکی تەنها وەک یەک یەکە (پارچە) دەجوڵێت، لەو ئەنجامەدا، کە ئەو بۆچونە لەسەر لێکدراو جێبەجێدەکرێت، ئەوە وشە لێکدراوەکە بە هەمو پێکهاتەکانیەوە دەجوڵێت، ئەگەرنا مانا و ڕێزمانی ڕستەکە دەشێوێت، سەرنجی ئەو نمونانەی خوارەوە بدە (Andrew Spencer, 2005:78).

أ. ئەو هەرگیز **وانەی مۆرفۆلۆجی** ناڵێتەوە.
ب. *مۆرفۆلۆجی، ئەو هەرگیز نایڵێتەوە وانەی___.
ت. *وانەی، ئەو هەرگیز ناڵێتەوە ___مۆرفۆلۆجی.

ئەم تایبەتمەندییە ئەوە دوپات دەکاتەوە کە هەمو پارچەکان لە ناو وشە و لێکدراودا ڕیزبەندییەکی جێگیریان هەیە و ناکرێت بگۆڕدرێت بە بێ گۆڕینی مانای وشەکە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵی، بۆ نمونە لە وشەی لێکدراوی (bleu ciel) بە مانای (شینی ئاسمانی) لە ڕوی ماناوە زۆر جیاوازە لە وشەی ( ciel bleu) بە مانای (ئاسمانی شین)، یان وشەی (chair arm) بە مانای (دەسکی کورسی) و (armchair) بە مانای (کورسی بە دەسک). ئەو تایبەتمەندیانە بۆ وشەی سادە و ئەو وشە لێکدراوانە گونجاون کە وەک یەکە هەڵسوکەوت دەکەن.

تایبەتماندییەکی تری لێکدراو ئەوەیە کە "دورگەی ئەنافۆڕین" (Anaphoric islands) ، بە پێی پێناسەکەی (پۆستاڵ) کە دەڵێت پێکهێنەری لێکدراو ناکرێت پێشی ئەنافۆڕی فەرهەنگی بێت، بە واتایەکی تر بۆچونی دورگەی ئەنافۆڕی ئەوەیە کە وشەکان لە ڕوی ڕێزمانەوە ڕێگەیان پێنادرێت کە

[5] مەبەست لە تەختەڕەش ئەوە تەختەیە کە لە پۆل بەکاردێت بۆ دەرس خوێندن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توخمی پێشکەوتوی (antecedent) ئەنافۆریان تێدابێت بۆ ئەوەی دورگەی ئەنافۆری دروست نەکەن، بەڵام لە وشەی لێکدراو ئەوە دەکرێت ڕو بدات وەک بۆ نمونە لەوانەی خوارەوەدا هاتووە:

أ. ئازاد بۆ ڕەفت بۆ کتێبi دەگەڕا، بەڵام تەنها ڕەفتی بۆهیi بچوک دەستکەوت.

ب. *ئازاد بۆ **ڕەفتی کتێب** دەگەڕا، بەڵام تەنها ڕەفتی بۆهی بچوک دەستکەوت.

ئەگەر بەراوردی ڕستەکانی (أ) و (ب) بکەین بۆ دیاریکردنی هەڵسوکەوتە جیاوازەکانی لێکدراو بە بەراورد بە وشەی سادە لە نێو بنیاتی سینتاکسیدا. لە نمونەی (أ) دا ، ئەنافۆرە ناوییەکە تەواو ڕێزمانیە، بەڵام لە نمونەی (ب) کە تێیدا ئەنافۆرە ناوییەکە تەنیا مەبەستی ئاماژەکردنە بە پێکهێنەرەکەی تری لێکدراوەکە نەک بۆ هەمو پێکهاتەکە بۆیە ناڕێزمانییە لە ڕوی سینتاکسەوە ناتەواوە (Postal, 1969:230).

### 9.3. سەر و جۆرەکانی لێکدراو

چەمکی سەر لە ڕێزمان و مۆرفۆلۆجیدا بەکاردێت، بەتایبەتی پەیوەستە بە دەستنیشانکردنی جۆرە جیاوازەکانی لێکدراو و لە ئەنجامدا پۆلێنیان دەکات. بەڵام سەری یەکە (head of a unit) مانای چییە؟

بە شێوەیەکی گشتی (ویلیام) سەری X (کە X یەکەیەکی لێکدراوە) بە تەنێک پێناسە دەکات کە هەمان تایبەتمەنی X ی هەیە. لە مۆرفۆلۆجیدا ئەو ڕێسایەی کە پێی دەگوترێت یاسای سەری دەستە ڕاست یاخود چەپ کە بە پێی زمانەکە دەگۆڕێت، گەرەنتی ئەوە دەکات کە وشەیەکی لێکدراو لە ڕوی مۆرفۆلۆجی هەمان کاتیگۆری سەری وشەکەی هەیە (Williams, 1981:247). بۆیە دەتوانین بڵێین سەر ئەو کەرەستەیە کە دەتوانێ هەر دو بەشە ئاخاوتنەکە و جۆری واتاکەشی دیارییبکات کە لێکدراوەکە بە گشتی ئاماژەی بۆ دەکات. بۆ نمونە: لە کوردیدا ئەو بنجەی کە هەمیشە بەشە ئاخاوتنەکانی لێکدراوێک دیاریدەکات ئەوەی دوەمە، واتە کەرتی دوەمی لێکدراوەکەیە. بۆ نمونە، لێکدراوێکی وەک (دڵخۆش) ئاوەڵناوە، وەک چۆن کەرتی دوەم (خۆش) ئاوەڵناوە. هەروەها لێکدراوێکی وەک (تەڕەپیاز) ناوە، وەک چۆن ئەوەی دوەم (پیاز) ناوە. بەهەمان شێوە، بنجی دوەم کاتیگۆرییە سیمانتیکییەکەشی دیاریدەکات، لەوەی یەکەمدا بارێکی دەرونییە کە خۆشییە و لەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوەمیشدا جۆرە سەوزەیەکە، بۆیە دەتوانرێت بە لێکدراوەکانی کوردی بگوترێت سەر کۆتایی واتە لای دەستەچەپ (د. حاتم ولیا، ٢٠١٩:٨٣). بۆیە ئەو پێکهاتەی کە بە سەر دادەنرێت تایبەتمەندی ڕێزمانی و سیمانتیکی لێکدراو دیاریدەکات. سەبارەت بە تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان، سەر ڕۆڵی هەڵگری زانیارییەکان وەردەگریت بۆ هەمو پێکهاتەکە بۆ نمونە ژمارە و توخم، کە لیبەر ناوی دەنێت تایبەتمەندی پاڵاوتن (feature percolation)، کە گواستنەوەی تایبەتمەندی لە سەرەوە بۆ هەمو لێکدراوەکە دەگەیەنێت (Lieber, 1980:43). گرنگترین خاسیەتی سەر ئەوەیە کە کاتیگۆری لێکسیکی خۆی دەدات بە هەمو لێکدراوەکە. چەمکی سەر زۆر گرنگە بۆ دیاریکردنی جیاوازی سەرەکی لە ناو پۆلێنێکی گشتی لێکدراو (compound)، بە وردتر کە لە نێوان لێکدراوی (endocentric) و(exocentric). لەوانەیە ئەم جیاکردنەوەیە ئاستەنگ لە هەندێک حاڵەتدا دروست بکات. بە تایبەت ئەوە لە ئاوەڵناوی لێکدراوی (ناوی بکەر،اسم فاعل) ( participial compound adjectives) دەردەکەوێت، کە بە ئاسانی جیا ناکرێنەوە.

### 9.4. ناسینەوەی لێکدراو

مامەڵەکردن لەگەڵ وشەسازی و بە تایبەتی لەگەڵ لێکداندا کێشە تیۆرییەکان سەبارەت بە لێکدابڕانی نێوان بواری مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان زیاتر دەکات. لە واقیعدا لێکدان یاسای وشەسازییە کە پترهاوتەریبە لەگەڵ ڕستەسازیدا، بەم هۆیەشەوە بوارێکی لێکۆڵینەوەی چالاکە بۆ بۆچونە تیۆرییە جیاوازەکان. مشتومڕێکی گەرم لە نێو زمانەوانە بەرهەمهێنەکان (Generative Linguistics) پەیدابو، کە تیایدا دو ڕەوتی دژیەک دەرکەوتن. ڕێزماننانسە گۆڕانخوازەکان باڵادەستی و بەهێزی سینتاکسیان پاراست، وەک تاکە پێکهاتەی ڕێزمان. گۆڕانخوازەکان جیاوازی نێوان سینتاکس و مۆرفۆلۆجی کاڵدەکەنەوە. بەپێی ئەم بۆچونە سینتاکسییە ڕادیکاڵە (توندڕەو)، سینتاکس توانای ئەوەی هەیە کە پێکهاتە مۆرفیۆلۆجییەکان لە ڕێگەی گۆڕینی پیکهاتە سینتاکسیەکان دروستبکات (Mc Carthy, 1991:51). بە واتایەکی تر ڕۆنانی وشە بە جۆرێکی تایبەت لە ڕۆنانی ڕستە یاخود کلۆز دادەندرێت. فەرهەنگ شتێک نییە جگە لە پێکهاتەیەکی لیست ئاسا (Borer, 1988:17)، وەک

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عەمبارێکی بێ یاسای وشەی سادەیە. لەو ڕوانگەیەوە مۆنۆگرافەکەی[6] لیس کە لێکدراوی ناو شیدەکاتەوە، بۆچونەکەی ئاڵۆزیەکی زۆر دەخاتە نێو مامەڵەکردن لەگەڵ نادیاریەکاندا ( Lees, 1960:27). کە تیایدا سڕینەوە تا ڕادەیەکی زۆر ڕەهایە و بێسنورە، ئەو پێکهاتانەی کە دەسڕێتەوە ناتوانرێت بە ئاسانی پشتراست بکرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشەدا کاتێک کە لێکدراوێک بە ناڕونی لێکدەدرێتەوە، سینتاکس توانای ڕونکردنەوەی ئەو لێکدراوەی نییە، لەبەر ئەوەی چەندین ڕستەی جیاواز بۆ مانای جیاواز بەرجەستە دەکات. لە بەر ئەو هۆیە، ئەو بۆچونە سینتاکسییە گۆنجاو نییە بۆ وەسفکردنی لێکدراوەکان (Antonietta and Sergio, 2005:47).

لە لایەکی ترەوە توێژەرانی لێکسیکاڵیست لێکجیاکردنەوەکی ڕوندەکەن لە نێوان فەرهەنگ و ڕێزماندا، کە لەلایەن (ئەنتۆنیۆ و سێرجیۆ) کۆکراوەتە و دەڵێن ئێمە لە ئێستادا پێمانوایە کە مۆرفۆلۆجی و سینتاکس کار بۆ دروسکردنی بنیاتی جیاواز دەکەن لە ڕوی تایبەتمەنیەوە هەربۆیە دەکرێت لە یەکیان جیا بکەینەوە (Antonietta and Sergio 1999:47).

فەرهەنگ پێکهاتەیەکی سەربەخۆی پێش سینتاکسییە (pre-syntactic module) کە یاسای لێکسیکی خۆی هەیە کە وشە دروستدەکات بۆ ئەوەی لە ناوی هەڵبگیرێت. لەبەر ئەو هۆیە یاسای سینتاکسی دەستی ناگات بە ڕۆنانی ناوەوەی وشە و لە ئەنجامدا ناتوانێت وشەی نوێ دروست بکات. مۆنۆگراففەکەی (ئارنۆف) بە ناونیشانی (Word formation in generative grammar)، بنەما تیۆرییە سەرەکیەکان بۆ زۆرێک لە شوێنکەوتوانی بە درێژایی ٣٠ ساڵ دادەنێت ( Arnoff, 1976 :34). بۆیە کەرەستەو تێکردە فەرهەنگییەکان بنیاتنەری دەربڕین و دەرکردە سینتاکسییەکانن و خودی دەرکردە سینتاکسییەکانیش دەبنەوە بە تێکردەی فەرهەنگیی و فەرهەنگیی ئاوەزیی زەنگینتر دەکەن، بۆیە دژوارە یەکە فەرهەنگییەکان(لێکسێم)، بە دابڕاوی لە پێکهاتەودروستەو چوارچێوە سینتاکسییەکانیان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین ( عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف،٢٠٢٠:٤).

لە پاڵ ڕێزماناسانەوە، هەندێک لێکۆڵەری تریش بۆچونی هاوشێوەیان هەبو کە گڕوتینی دایە مشتومڕی سەر ئەو بابەتە. (بۆرەر) دەڵێت کە هاوتەرییەکی ڕون (یاخود لێکچونی سیمانتیکی) لە نێوان ڕۆنانی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی هەن، بەڵام لەگەل ئەوەشدا دو بەشی جیاوازن ( Borer,

---

[6] چڕکردنەوەی لێکۆڵینەوە لە سەر یەک بابەتی دیاریکراو

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1988:18). لە ڕاستیدا، سەبارەت بە پەیوەندی نێوان مۆرفۆلۆجی و سینتاکس وەک (سپێنسەر) تێبینیکردوە بە ئەستەم دیاریدەکرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ باگڕاوندێکی تیۆری دیاریکراو ( Andrew Spencer, 2005:26). هەرچەندە دان بەوەدا دەنێت کە سینتاکس بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێکاری مۆرفۆلۆجی دەگرێتەبەر، بەڵام شێوازی سینتاکسی ڕادیکاڵی وا دەرناکەوێت کە لە درێژخایەندا کاریگەر بێت. بۆچونی (syntax-all-the-way-down)[7] ڕێگری لە پێشکەوتنەکانی توێژینەوە دەکات چونکە کاریگەری ڕوکەشیی لەسەر پێکهاتەکانی تری زمانەوانی جێدەهێڵێت. لەو ڕوانگەیەوە ، بۆچونی جیاکردنەوە (splitting) پەسەند دەبێت، هەرچەندە لەحاڵەتی ئاوەڵناوە لێکدراوەکان ، زۆرجار بۆشایی نێوان دو پارچەکە (سینتاکس و مۆرفۆلۆجی) زۆر کەمدەبێتەوە.

سەبارەت بە لێکدان بە تایبەتی ، ئەو باسە لە لایەن (باوەر) کورتکراوەتەوە، کە پرسیاری " چۆن دەزانین کە ڕیزبەندی دو وشە لێکسمێکی نوێ پێکدێنن یان بە سادەیی ڕیزبونێکی سینتاکسین ؟" ، ئەوە دیسان کێشەی پەیوەندی مۆرفۆلۆجیی و سینتاکس دەوروژێنێت (Laurie Bauer 1998:64). بە وەرگرتنی قاڵبی ناو-ناو (N-N) چاو بە بۆچونەکانی توێژەرانی ئەو بوارە دادەخشێنێت و دو گروپی لە یەک جیاواز بەدیدەکات کە ئەوانەش جیاکەرەوەن (splitters) و لێکدەران (lumpers).جیاکەرەوەن جیاوازی لە نێوان لێکدراوەکانی ناو-ناو (N-N) و بنیاتی ڕێزمانی ناو-ناو (N-N) دەکەن. بەپێی لێکدەرەکان، دەستەواژە و پێکهاتەکان ناتوانرێت بە هەمان کۆمەڵە ڕێسا دروستبکرێن ( Scalise, 1992:198). (باوەر) درێژە بەو باسە دەدات و دەڵێت ئەو تایبەتمەندیانەی کە پشتیان پێ بەستراوە بۆ جیاکردنەوەی ئەو دو گروپە زۆر ڕون نین. بۆیە (باوەر) کاتیگۆریەکی سەربەخۆ دیاریدەکات، کە لێکدراو جیا دەکاتەوە. نەرمتر لەوەی پێشو، لەلایەن (درێسلەر)وە پێشنیاز کراوە. هەرچەندە ئەو توێژەرە پشتگیری لە جیاکردنەوەی نێوان بنیاتی سینتاکسی و لێکدراو دەکات، بەڵام لەگەڵ پێناسەیەکی درێژکراوەی لێکدراو دایە کە دابەشکردنێکی ڕون دیاریناکات، بەڵکو زنجیرەیەکی بەردەوام دیاریدەکات، کە لە لێکدراوە نمونەییەکان (پڕۆتۆتایپی)، لێکدراوە فرێزیەکان (کە ڕێگە بە بونی نیشانەی سینتاکسی دەدات) بۆ ناوچەکانی نزیک لە ڕێزمان، بە ڕێگای قۆناغەکانی گواستنەوەوە (Dressler, 2005:20). لەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا دەبینین کە ئەو باسە هێشتا کراوەیە و

[7] بە مانای سینتاکس هەتا سەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شـــایانی زیاتر باســـکردن و لێکۆڵینەوەیە. لە ڕاســـتیدا پێوەرە جۆراوجۆرەکان - لە فۆنۆلۆجیەوە بۆ سـینتاکسـی واتاسـازی - پێشـنیاز کراون بۆ جیاکردنەوەی نێوان لێکدراو و ڕۆنانە سـینتاکسـیەکان. هەنـدێکیـان زۆر گشـــتگیرن و هەنـدێکشـــیـان پەیوەســـت بە زمـانێکی دیـاریکراو، هەر بۆیە بە یەکلاییکەرەوە دانـانـدرێن (Scalise, 1992:198). ئەوەش ئەوە دەردەخـات کە لێکـدراو هێشـــتـا پرسیارێکی تیۆریی کراوەیە کە ڕونکردنەوەکانی پشت بە بۆچونی جیاوازی مۆرفۆلۆجی دەبەستن.

## 9.5. لێکدراو وەک توخم

بیرۆکەی سینتاکسی لە بناغەی گریمانەی فەرهەنگیدایە و دەڵێت:" وشەکان توخمن لە ئاستی فرێزی سینتاکسی و سیمانتیکی. وشـەکان خەسـڵەت یان تایبەتمەندییان هەیە ، بەڵام ئەم خەسـڵەتانە هیچ ڕۆنانێکیان نییە، هەروەها پەیوەندی ئەم خەسـڵەتانە بە پێکهاتەی ناوەوەی وشـە پەیوەسـت نین بە سینتاکس" (Maria and Edwin, 1987:49).

وشـەکان، بە لێکدراوەکانیشـەوە کە وەک وشـەی سـادە ڕەفتار دەکەن، بۆیە خەسـڵەتە بنەڕەتیەکان لەگەڵ وشـــەی ســـادە بەشـــدەکەن، کە لە ڕوی ڕێزماندا ناچالاکن. ســـەبارەت بە لێکدراو، ئەمە بە شێوەیەکی کاریگەر دەتوانرێت بسەلمێندرێت بە ڕێگای خستنەناوی فەرهەنگی (lexical insertion)، کەپێکـدێ لە دانـانی توخمە فەرهەنگییەکـان لە نێوان پێکهـاتەکـانی لێکـدراوەکە. ئەنجـامی ئەو خستنەناوە سروشتی پێکهاتە ئاڵۆزەکە ئاشکرا دەکات. بۆ نمونە : پردی ئاسن ← پردی **هەڵواسراوی** ئاســن. لەو نمونەیەدا ئەنجامەکە لە ڕوی ڕێزمانەوە قبوڵکراوە ، بۆیە ئەنجامەکە تایبەتمەندی بنیاتی ســـینتاکســـی هەیە لەبەر ئەوەی ســـینتاکس مەرامی خســـتنە ناوی مادەی فەرهەنگی هەیە بۆ ناو سـینتاگما. بەڵام لە نمونەی ڕێگای خێرا ← ڕێگای **پانی** خێرا، لێرەدا پێکهاتەکە وشـەی لێکدراوە لەبەر ئەوەی ئەنجامەکە لە ڕوی ڕێزمان ناتەواوە یاخود مانا بنەڕەتیەکەی بە شـێوەیەکی بەرچاو دەگۆڕێت لە دوای خستنە ناوەکە.

## 9.6. تاقیکردنەوە سینتاکسیەکان

چەندین لێکۆڵەر تاقیکردنەوەی سینتاکسیان پێشنیازکردوە وەک دەستنیشانکردنی گریمانەی پتەوی فەرهەنگی ((Lexical Integrity Hypothesis (LIH)، کە بۆ جیـاکردنەوەی لێکدراو لە بنیـاتی فرێزی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکاردێت. هەندێک لەو تاقیکردنەوانە پەیوەستن بە زمانێکی دیاریکراو، هەندێکیشیان گشتگیرترن بۆ چەندین زمان بەکاردێن. لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن چەندین توێژەر ڕەخنەی جۆراوجۆریان لێگیراوە، لەبەر ئەوە باوەڕپێکراو نین. لە نێوان تاقیکردنەوە جۆراوجۆرەکاندا ، "سڕینەوەی سەر لەژێر تاقیکردنەوەی تەنسیقی" دا بانگەشەی ئەوە دەکات کە لێکدراو ڕێگە بە سڕینەوەی سەری لێکدراوەکە نادات لە حاڵەتی دو پێکهاتە یان زیاتر کە هەمان سەری هاوبەشیان هەیە. بۆ نمونە: (سەردار و سەرخێڵەکە هاتن) ناکرێت بڵێین (*سەردار و __خێڵەکە هاتن). بەڵام لە نمونەی (ڕێگاکە چەندین پردی ئاسن و پردی کۆنکریتی تێدایە) دەتوانین بڵێین (ڕێگاکە چەندین پردی ئاسن و کۆنکریتی تێدایە). کەواتە لەوە بۆمان دەردەکەوێت کە نمونەی یەکەم لێکدراوە و نمونەی دوەم فرێزی سینتاکسییە.

### 9.7. سترێسی زمانەوانی

لێکدراوەکان و فرێزەکان لە ڕوی فۆنەتیکەوە جیاوازن. لە لێکدراودا پێکهاتەکەی یەکەم سترێسی برگەیی و فرێزیەکە هەڵدەگرن، بەڵام لە فرێزەکاندا هەردو پێکهاتەی یەکەم و دوەم سترێسە سەرەکیە لێکسیکاڵیەکە هەڵدەگرن و پێکهاتەی دوەمیش لە هەمان کاتدا سترێسە فرێزیەکەش هەڵدەگرێت (Chomsky and Halle 1968:34). بۆ نمونە (قەلەڕەش) بەراورد بە (قەلە ڕەش)، لە وشەی لێکدراوی (قەلەڕەش)دا سترێسەکە لەسەر پێکهاتەکەی دەستی چەپە (ڕەش) و دیارترین برگەیە لە لێکدراوەکە. بەڵان لە فرێزی (قەلە ڕەش)، (قەلە) سترێسە فرێزیەکە وەردەگرێت و دیارترین پێکهاتەی فرێزەکەیە. شێوازی فشاری جیاوازی ناو لێکدراو و فرێزەکان بە لێکۆڵینەوەی دەنگی پشتڕاست کراوەتەوە. (فێرنیتانی) وای پیشانداوە کە لێکداو و فرێزەکان لە درێژیدا جیاوازن، کە فرێزەکان کەمێک درێژترن (Farnetani, Torsello, and Cosi, 1988:31). لە سەرو ئەوەشەوە لێکدراو و فرێزەکان لە ڕوی پێکاتەشەوە جیاوازن. لە تاقیکردنەوەی دروستکردندا، (مۆریل) لێکۆڵینەوەی لە بارەی ئیدراکی دەنگی لە قاڵبی سترێس لە لێکدراو و فرێزەکانی ئاوەڵناو-ناو لە زمانی ئینگلیزی لە چەند بواری دەنگی جیاواز کردوە (Morrill, 2012:8). توێژەران لێکدراو و فرێزی لە جۆری (greenhouse) و ( green house) لە ڕستەی جیاواز و شوێنی جیاواز لە ڕستەدا بەرهەمهێناوە بە مەبەستی دیارخستنی ئاوازە جیاوازەکان لە ژینگەی جیاواز، وەک بۆ نمونە: بکەر، کۆتایی کلۆز، کۆتایی ڕستە، ڕستەی پرس.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شـــیکردنەوە فۆنەتیکییەکان بە ڕونی ئەوە دەردەخەن کە جیاوازی لە چری، ماوە و تۆنی پێکهاتەکان هەیە کە لێکدراو لە فرێز جیا دەکاتەوە. پەیوەندی چڕی و ســترێس جیاوازی دەکات لە نێوان لێکدراو و فرێزەکان لە هەمو ژینگەکان جگە لە تۆنی پرســیار. جیاوازی لە ماوە نیشــانەیەکی باوەڕپێکراوە لە ژینگەی تۆنی پرســیــار و ژینگەی کۆتـایی کلۆز، ڕێژەی مـاوەی نێوان پێکهـاتەی یەکەم و دوەم لە لێکـدراودا زۆرترە لەوەی لە فرێزدا هەیە. تۆنی جیـاوازیش بەدیـدەکرێـت لە ژینگەی جیـاواز. ئەو جیاوازیە لە ســترێس، جیاوازی لێکدراو و فرێز دروســـت دەکات کە لە ڕوی پارچەییەوە وەک یەکن بەڵام لە ڕوی پـرۆســـۆدیەوە (prosody)[8] جیـاوازن. لە لایەکـی تـرەوە جیـاوازی مۆرفـۆلـۆجـی و سیمانتیکی هەیە لە نێوان لێکدراو و فرێزەوە، وەک لە نمونەی (greenhouse) کە وشەی لێکدراوە بە مانای خانوی پلاستیکی کشتوکاڵی دێت، بەڵام (green house) فرێزێکە بە مانای خانوی ڕەنگ سەوز. لە ســەرو ئەوەشــدا، کاتێک ئێمە زیاتر لە واتاســازی لێکداوەکان دەکۆڵینەوە، هەندێکجار ئەوەمان بۆ دەردەکەوێـت کە پـێـکـهـاتەی یەکەم لە لـێـکـدراوەکە ڕون نـیە لە ڕوی واتـاوە. وەک لە نـمـونەی (greenhouse)، وشەی (green) چیتر ئاماژەی ڕەنگ ناکات.

## سەرچاوەکان:


حاتم ولیا محمد (٢٠١٩)، مۆرفۆلۆجی، چاپخانەی ؟؟؟؟، هەولێر.

سەمیرە تۆفیق یونس (٢٠١٣)، سینتاکسی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

محەمەدی مەحوی (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان مۆرفۆلۆژی کوردی، بەرگی یەکهەم، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی، زانکۆی سلێمانی.

عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠٢٠)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی، بەرگی یەکەم چاپی یەکەم، سلێمانی.

Adams, V. (1973). *An introduction to Modern English word-formation*. Longman.

Anderson, S. R. (1992). *A-morphous morphology*. Cambridge University Press: Cambridge.


[8] ئاواز و تۆن و سترێس و ڕیتم

Antonietta, B., & Sergio, S. (1999). Compounding: Morphology and/or syntax? In LMereu (Ed.), *Boundaries of morphology and syntax* (pp. 31–48). Amsterdam and Philadelphia.

Antonietta, B., & Sergio, S. (2005). The classification of compounds. *InLingue e Linguaggio*, *2*, 319 332.

Bauer, L. (1983). *English word-formation*. Cambridge University Press: Cambridge.

Bauer, L. (1998). When is a sequence of two nouns a compound in English? *English Language and Linguistics*, *2*, 64–86.

Bauer, L. (2003). *Introducing Linguistics Morphology* (2nd ed.). Edinburgh University Press.

Booij, G. (2004). *The Grammar of Words*. Oxford University Press.

Booij, G. (2006). *Inflection and Derivation'*. Elsevier.

Borer, H. (1988). Morphological parallelism between compounds and constructs. In GBooij & J. Marle (Eds.), *Yearbook of morphology* (pp. 45–65). Dordrecht.

Chomsky, N., & Halle, M. (1968). *The sound pattern of English*. Harper & Row.

Dressler, W. U. (2005). *Compound Types* (GLibben & GJarema, Eds.).

Farnetani, E., Torsello, C. T., & Cosi, P. (1988). English compound versus non-compound noun phrases in discourse: An acoustic and perceptual study. *Language and Speech*, *31*(2), 157–180.

Jensen, J. T. (1990). *Morphology: Word Structure in Generative Grammar*. John Benjamins.

Katamba, F. (2006). Morphology. In *Modern Linguistics Series* (2nd ed.). Palgrave Macmillan.

Lees, R. B. (1960). *The grammar of English nominalizations*. Indiana Univ.

Lieber, R. (1980). *On the Organization of the Lexicon, PhD*.

Lieber, R. (1992). Compounding in English. *Rivista di Linguistica*, *4*, 79–96.

Maria, D. S. A., & Edwin, W. (1987). *On the definition of word, M.I.T*. Press.

Matthews, P. H. (1991). *Morphology*. Cambridge University Press: Cambridge.

Mc Carthy, M. J. (1991). Morphology. In M. K. & A. J. M (Eds.), *The Linguistics Encyclopedia* (pp. 314–323). Routledge.

Morrill, T. (2012). Acoustic correlates of stress in English adjective-noun compounds. *Language and Speech*, *55*(2), 167–201.

Plag, I. (2003). *Word-formation in English*. Cambridge University Press.

Postal, P. M. (1969). Anaphoric Islands. *Papers from the Fifth Regional Meeting*, 205–239.

Scalise, S. (1992). Compounding in Italian. *Rivista di Linguistica*, *4*, 175–199.

Spencer, A. (1991). *Morphological Theory: An Introduction to Word Structure in Generative Grammar*. Blackwell.

Spencer, A. (2005). Word-formation and syntax. In Rl. P.Štekauer (Ed.), *Handbook of word-formation* (pp. 73–97). Springer.

Williams, E. (1981). On the notion "Lexically Related" and "Head of a word". *Linguistic Inquiry*, *12*, 245–274.

# Compouning and its deffirences of inflection and dervation

**Pakhshan Fahmi Farho**
Research Centre, Faculty of Engineering, Koya University, Koya KOY45, Kurdistan Region, Iraq
pakhshan.fahmi@koyauniveersity.org

**Assit. Prof. Dr. Hatem Wlya Mohammed**
Department of Kurdish, College of Educqtion, University of Salahddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
hatam.muhammad@su.edu.krd

***Keywords:*** *Adjective, compound, item, dervation, inflection.*

## Abstract

This study investigates the analysis and recognition of compounding and shows the differences with the inflection and derivation. This work has been carried out on some examples taken from the French and Kurdish dictionaries, which have been determined by investigating the morphological analysis of the two languages and the differences between the two languages in the process word formation process is done, as well as the differences between compounding, derivation and inflection is shown. First of all, the research starts with a general introduction nd then it talks about and defines roots, stems, morphemes, lexems, words, and bases, and talks about an important tool of word forming new words which is affix. Then a detailed discussion about dervation and infection is given, and finally discusses compounding

in detail, which gives many definitions and how to recognize the compounds, the heads of compounds and the types of them are decribed.

## المركبات واختلافاتها مع الاشتقاق و التصريف

**ملخص:**
تبحث هذه الدراسة في التحليل والتعرف على المركبات وتبين الاختلافات مع التصريف والاشتقاق. تم تنفيذ هذا العمل على بعض الأمثلة المأخوذة من القواميس الفرنسية والكردية ، والتي تم تحديدها من خلال التحقيق في التحليل الصرفي للغتين والاختلافات بين اللغتين في عملية تكوين الكلمات، و يوظي اختلاف التركيب عن الاشتقاق والتصريف. أولاً يبدأ البحث بمقدمة عامة ثم يتحدث عن ويعرف الجذور والسيقان والمورفيمات والمعاجم والكلمات والقواعد ويتحدث عن أداة مهمة لتكوين الكلمات الجديدة وهي اللصق. ثم يتم تقديم مناقشة تفصيلية حول الاشتقاق والتصريف ، وأخيرًا يناقش المركبات بالتفصيل، والذي يعطي العديد من التعريفات وكيفية التعرف على المركبات ورؤوس المركبات وأنواعها.